# شۆڤینستیکی کورد  له هەڵوێستی هاوبیرەکانی
# بۆچ تورەیه؟
# وەڵامـــێك بـــۆ ســـەردار عـــەبـــدوڵڵا

هاوار مەحمود

لەژمارە "121"ی ئاداری 2005 هەفتەنامـەی (هـەواڵ)دا كاك سـەردار عەبـدوڵلاّ وتـارێكی بـەناوی (توندڕەوەكانی كۆمۆنیسـت و ئیسـلامیو كـورد و بـەعس لەسـەنگەرێكدا بـوون)بلاّوكردبۆوە،ئـەوی راسـتی بێـت،من زۆربـەی وتـارو نووسـینەكانی كـاك سـەردار دەخوێنمـەوە و بەدواداچونیان"متابعـە" دەكـەم ..ئـەم وتارەشـی زیـاتر ناونیشـانەكەی سەرنجی راكێشام،هەرچەندە زۆر بەلامەوە جێی سەرسوڕمان نەبوو،چونكە پێشینەی فكریو هەڵوێسـتی سیاسـی كـاك سەردار شارەزام،لەزۆر شوێن و كاتی جیاجیادا دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ كۆمۆنیستەكان نەشاردۆتەوە،ئەو بـە حـوكمی وەزیفەكەی لەنێو جەماعەتی (چەلەبی)و(CIA)لە رابردووداو ئێستاش لە ریزەكانی(دەزگای زانیاری)دا،هەڵوێستگرتنی بەوجۆرە لەكەسانی پێشكەوتنخوازو یەكسانیخواز و ئازادیخواز زۆر سروشتییە.

هەر كەسێك كەمێك وتارەكەی كاك سەردار بەجددی بخوێنێتـەوە،بۆی رون دەبێتـەوە كـە ناونیشـانی وتارەكـە لەگـەڵ ناوەڕۆكەكەیدا زۆر تەبا نین،چونكە ئەو زیاتر روی دەمی كردۆتە شۆڤێنیستە كوردەكان،ناوی كۆمۆنیست و ئیسـلامی و بەعسی،هەر لەپەرەگرافی یەكەمدا لەكۆڵ خۆی دەكاتەوە و بەیەك رستە دەڵێ:( ئـاخر ئەمانـە بـە سروشـت هێـزی دواكەوتووی دژە دیموكراسین ..)بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بـە پەیوەنـدی ئـەم رەوتانـە لـە رووی فكـریو سیاسـیو ئایدیۆلۆژی و پراكتیكەوە بكات و قەناعەت بە خوێنەر بهێنێـت چۆن كۆمۆنیسـتێك و ئبسلامیو بەعسیەك لەیـەك ئاستدان؟! ئایا تەنها لەبەر ئەوەی ئەمان بەشداریان لە هەڵبـژاردن نـەكرد؟یان بـەلای كـاك سـەردارەوە شـیكردنەوەی ناویَ،چونكە ئەمانە(واتـە كۆمۆنیسـتەكان)میراتگری یـەكێتی سـۆڤێتن و سـتالینین؟ئەوەی كـە چـەندین سـاڵە میـدیا كۆنەپەرست و بەكرێگیراوەكان پڕوپاگەندەی بۆ دەكەن.

نازانم ئەم تێكەڵە وپێكەڵە فكرییە و حوكمە نـا ناڵۆژیكییـەی كـاك سـەردار ئەگـەر لەوپرەنسـیپانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە دەبێ لەچ كانییەك ئاوبخواتەوە؟

ئەگەر تەنها بەشداریكردن لە هەڵبژاردن یان بەشداری نەكردن تیایدا پێوەری دیموكراسی یان تیرۆریست بونی حـزب و تـاك بێـت .ئـەوە كـاك سـەردار خـۆی و خـەڵكیش بەهەڵـەدا دەبات،ئەمـە هـەر هـەمان حـوكم و یاسـای (جماعة التكفیر)ە،ئەگەر لەگەڵمان نەبیت (كافری).

چونكە پێش هەموو شتێك (هەڵبژاردن)پرۆسەیەكی دیموركاسیەو ئارەزوومەندانەیەو هەر كەسەو لەدیو بۆچوونێكی دیاریكراو و بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازەوە تەماشای دەكات ،ئینسان دەتوانێ تێیدا بەشداربێ یا نەبێ.

سەدان كەس نە بەعسی بوون و نە كۆمۆنیست و نە ئیسلامیش،بەشدارییان لە هەڵبژاردن نەكرد و خـەڵكی (گەڕەكە هەژارەكانیش بوون!!)،هەروەها سەدان پێشمەرگەی دێرینـی هـەموو حزبەكان،گەورەو بچوك بەشـداریان نـەكرد،ئایا لەبـەر ئـەوە بـوو كەئەمانـە دواكـەوتو و دژە دیموكراسین،یان لەبـەر ئـەوەبوو كـە  بڕوایـان نـە بـە دیموكراسـیەكەی یەكێتیو پارتی و نە حەكیم و عەللاوی و چەلەبی بـوو؟..هـەر وایـش بوو،ئـەوان راسـت بـوون،رەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بە ئیعترافی هەموو رۆژنامەكان و میدیاكان،لەنەواش هەفتەنامەی(هەواڵ)ئـەو راسـتیەی ئاشـكرا كـرد كـە هەڵبژاردن كەمترین نەزاهەت و شەفافیەت و دیموكراسی تێدا نەبوو.

کاك سەردار دەڵێت:(هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرکەوتنێکی هێندە گەورە بوون،کە ڕەنگدانـەوەی گـەورەی ئیقلیمیـان بەدوای خۆیاندا بەکێش دەکەن،هەر ئەمەشـە دەریـدەخات کەبۆچـی ئیسلامـیو کۆمۆنیستـە تونـدڕەوەکانی عێـراق و جیهانیش دژی ئەو هەڵبژاردنە بوون ..).

لەپێشدا دەبێ ئەوە بڵێم کۆمۆنیستەکان،هەڵوێستی جیـاواز و ڕاوبۆچـونی جیاوازیـان لەسـەر هەڵبـژاردن(لـەعێراق و کوردسـتان ) هەبوو،بـەڵام هـەموویان لەسـەر ئـەوە کـۆکن کـە هەڵبـژاردن مـافێکی زۆر سـەرەتاییەو یەکێکـە لەمافـە دیموکراتییەکانی هەموو تاکێك،سەبارەت بە هەڵبژاردنیش لە عێراق و کوردستان،هەندێکیان پێیان وابوو لەبەر باری نا ئارامیو سەقامگیرنەبوونی ئاسایش،واباشە دوابخرێ(وەك یەکێتی کۆمۆنیستەکان/عێـراق ) ..چـونکە بـەڕای ئـەوان سەرەڕای بێبەشبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەهەڵبژاردن گیانیشیان دەکەوێتـە مەترسـییەوە کەئەمـەیان بـۆ کـاك سەردار و هاوبیرەکانی(هیچ بەهایـەکی نـیـە،گرنگ ئەوەیە،ئـەوان بچنـە سـەر کورسـی دەسـەڵات و شـەرعیەتی دەوڵی بەخۆیان بدەن)،بەڵام سەبارەت بە کوردستان پێیان باش بوو بەشداری بکرێ و بەیەك لیست بچنە هەڵبژاردنەوە،کە بەداخەوە نەیانتوانی لەم هەوڵەیاندا سەرکەون .هەندێکیشیان بەتەواوی (مقاطعة)یان پێ بـاش بـوو وەك ـــ حزبـی کۆمۆنیستی کریکاری ــ بەهەردوو باڵەکەیەوە(حیکمەتیست و کریکاری)،لەبەر ئەوەی بە بۆچوونی ئەوان هەڵبژاردن لە سایەی دەسەڵاتی بێ مونافسی ئەمریکادا،هیچ مانایەکی نـیـە،جگە لە شەرعیەتدان نەبێ بەو حزبانەی کە تائێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیەوە..بەڵام هەندێکیتریان کەزیاتریان کەسانی نا حزبی بوون بەشداریان کرد بەشـێوەی تـاك و دەستە.

ئـەم ڕاستیانە کـاك سـەردار یـان بێئاگایـە لێیـان یاخود وەك ووتم بـە حـوکمی وەزیفەکـەی هـەر دەبـێ ڕاسـتیەکان لنگەوقوچ بکاتەوەو خەڵك چەواشە بکات.لەبری ئەو بڕە پارەیەی کە حزبـە دەسـەڵاتدارەکان مانگانـە بـۆ ئـەم جـۆرە نووسەرانەیان بڕیوەتەوە،ڕۆژنامەکانیش لەبەخششیان بۆ نوسینی ئەم جۆرە بابەتانە دریغـی ناکـەن ..جێـی خۆیـەتی لە کاك سەردا بپرسین،1)ئایا جیاوازی ڕاوبۆچوون لە پرسێك یان کێشەیەك،بۆچ دەبـێ ئینسـان بخاتـە سـەنگەرێکەوە لەگەڵ تیرۆریستانی ئیسلامیو بەعسی،خۆ کۆمۆنیستەکان نەك هەر بڕوایان بە (توندوتیژی)نـیـە تەنانەت (ڕەتیشـی دەکەنـەوە)بـۆ چارەسـەرکردنی هـەموو کێشـەکانی کۆمەڵگـە،دیالۆگ و دیپۆلۆماتیـان لـە هـەموو ڕێگەچارەیەکیتر پێباشترە، 2)ئەدی باشە،یەکێك لەپرنسیپە هەرە بنچینەییەکانی دیموکراسی قبوڵکردنی ڕاوبۆچوونی جیاواز نـیـە؟!

کاك سەردار دەڵێت: ( هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنێکی گەورە بوون ..)

من نازانم پێوەری سەرکەوتن یان شکست لەلای کاك سەردار چیـە؟!

ئایا هەڵبژاردنێك کەمترین نەزاهەت و شەفافیەت و یموکراسی تێدا نەبێ،پڕبێ لە تەزویر،زۆرە ملێ،ژمـارەی بەشـدار نەبووانی بـەهۆی بـاری نائـارامی بگاتـە 2.500 ملیـۆن کەس،جگـە لـەو41٪ی کـە (امتنـاع)یان کرد،چـەندان کـەس بکـوژرێن و بریندار بـن و چـەندان تەقینـەوە ڕووبـدات ،چـەندان سـندوقی دەنگـدان بـدزرێ،هیچ یارمەتـیـەکی ئۆپۆزیسیۆن نەدرێ تا بۆ بەرنامەی سیاسی خۆیان پڕپاگەندە بکەن،تەنانەت کەسانی کاندیدی خۆشیان پـێش چـەند ڕۆژێکی کەم نەبێ ناوەکانیان ئاشکرا نەکرد دەستێوەردانی دەوڵەتە ئیقلیمییەکانیش لەولاوە بوەستێ ...

ئایا دەبێ ئەمە بە چ پێوەرێك،سەرکەوتنێکی گەورە بێ؟

لەهەموو ئەو کەسانەی کە بەشداری هەڵبژاردنیان کرد بپرسی بۆچ بەشداریت کرد،دەڵێ لەترسی فلانە لیست.

به کوردیو بەکورتی ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردن و کێبڕکێ نەبوو لەسەر بەرنامەی سیاسی و ئابووریو کۆمەڵایەتی و .. تاکێکی کورد کە دەنگی داوە بە لیستی 130 لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەم لیستە لە لیستەکانیتر پێشکەوتوتر یان عەدالەت ترە،بەڵکو لەبەر ئەوە بووە ئەو کوردە، ناسیۆنالیستێکی کوردی پێباشترە لەعەرەبێکی شیعەو تورکمان و ..چونکە دەڵێ خۆ هەر هیچ نەبێ لەسەر کورد بوونم وەك کاتیبەعس ناچەوسێمەوە .یان کە تورکمانێك دەنگی داوە بە لیستی 175 لەبەر ئەوە نییە کە بەرەی تورکمانی ئینسانیترە لە لە 185 و 169و130 .. هتدبەڵکو ئەویش وەك هاووڵاتییە کوردەکە هیچ بڕواو متمانەیەکی بە لیستەکانیتر نییە،زۆریش لێیان دەترسێ و نیگەرانە.بەهەمان شێوە عەرەبێك و شیعەیەك و ..

حزبگەلێك کە لەبنچینەدا دیموکراتی نەبن و ئەو نادیموکراتیەشیان بە پراکتیك تاقیکردبێتەوە،چۆن دەتوانن هەڵبژاردنی دیموکراتییانە ئەنجام بدەن؟!ئایا ئەمە چ لۆژیکێکە کە کاك سەردار دەیەوێت ساغی کاتەوە بەسەرماندا؟ نەخێر بەڕێز .. کۆمۆنیستەکان هەموو ئەم (سەرکەوتن)انەیان پێشبینی دەکرد بۆیە (راوبۆچونی جیاواز لەسەری دروست بوو)،نەك لەبەر ئەوەی دواکەوتو و دژە دیموکراتین.

ناهەقییەکیتری کاك سەردار بەرامبەر "نوخبەیکوردە"،کە دەڵێ: ( کێشەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە خاوەنی دواکەوتوترین نوخبەی سەرزەوین).

سەرەڕای ئەوەی ئەم حوکمەی کاك سەردار زۆر گشتگیرە(عمومی)،(تعسف و اجحاف)یشە بەهەقی روناکبیران و رۆشنبیرانی کورد و پێچەوانەی هەموو بیرکردنەوەیەکی بابەتیو واقعیشە..چونکە لەناو روناکبیران و رۆشنبیرانی کورد دا لە لیبڕاڵ و دیموکراتیخواز و ئازادیخواز .. کەسانی زۆر پێشکەتوو و بیرمەند و هۆشیار هەن لەسەر ئاستی نێوخۆیی و ئیقلیمیو جیهانیش جێی ڕێزو پایەن.بەڵام کاك سەردار،وەك شۆڤێنستێکی تووڕە لە هاوبیرەکانی وای لێکردووە بەم شێوەیە هەڵچێ و لەچوارچێوەی عورف و عادەتی رۆژنامەوانی دەرچێت و نالۆژیکیانە تەڕو وشك پێکەوە بسوتێنێ.

چونکە وا هەست دەکات کوردە شۆڤێنیستەکان ناپاکییان لەگەڵ ئەو و حزبەکەی کردووە،لەمەشدا هەقی خۆیەتی و ناهەقی نییە!!بەڵام ئەوەی مافی ئەو نییە و زیادەڕۆییە ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان بخاتە تای یەك تەرازوو لەگەڵ تیرۆریستانی ئیسلامی و بەعسی .. چونکە کۆمۆنیستەکان نە سوێندیان لەگەڵ ئەودا خواردووە کە تاسەر شۆڤێنیست بن و نە ئەندامی هیچ هاوپەیمانییەکی ئەوان بوون،تا کاك سەردار بەناپاك و تیرۆریستیان لەقەڵەم بدات.تەنها بۆ راستکردنەوەی حوکمەکەی کاك سەردار بەداخەوە دەڵێم (نوخبەی ووردە بۆرژوازی کورد،زیرەکترین ئۆپۆرتۆنیستە،ئەگەر لەئاستی جیهاندا نەبێ ئەوە لەئاستی ئیقلیمیدا ئەم نوخبەیە هەلپەرست ترین نوخبەیە)،چونکە لەماوەی 24 سەعاتدا دەتوانێ 180 پلە هەڵوێستی سیاسی و عەمەلی خۆی بگۆڕێ.

کاك سەردار دڵی بەوە خۆشە کە 2.500 ملیۆن کەسی سوننە لەناوچەیەکی فراواندا بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردووە.

شاباش لەدیموکراتی !! ماشاواللە !!چەندە دڵسۆزی دیموکراتیت کاك سەردار!شادمانی بەوەی کە 2.500 ملیۆن هاووڵاتی بەشداری هەڵبژاردنی نەکردوە،ئەگینا ئەوەندە کورسییەتان بەدەست نەدەهێنا؟!من ئەو گریمانەیەش لێدەگەڕێم کە دەڵێ لەو 2.500 ملیۆن کەسە کێ دەڵێ چەند هەزارێکیان دەنگیان بە لیستی 130 نەئەدا.ئەی باشە بەشداری نەکردنی ئەوان بەرای تۆ، لانیکەم(نقص)نییە لەو هەڵبژاردنەدا،یان ئەوانە هەموو ناپاك و تیرۆریستن؟!

دەبێ ئەوەش بڵێم لە گوتاری سیاسی و ڕاگەیاندنی کاک سەردارو حزبەکانی،سووننە، دوو چەمکی هەیە،یەکەمیان لەرووی جوگرافیی‌یەوە واتە ئەو شوێنانەی زۆرینەیان سوننەن،دووەم لە رووی سیاسییەوە ،واتە: کۆنە بەعسیەکان و لایەنە ئیسلامی‌یە بەناو دژە ئەمریکییەکان،ئەگینا خۆ کورد 4/3.5 سوننە مەزهەبن و بەغداو زۆر شوێنی‌تری عێراق سوننەن و بەشداری هەڵبژاردنیان کرد،ئێستاش رابەرانی کوردایەتی و میدیای ئەمریکی‌و ئیسلامی‌یە دەسەلاتدارەکان کەباس لە سوونە دەکەن و دەیانەوێت هاوپەیمانیان لەگەڵ دروست بکەن و بەشدارییان پێبکەن لە نووسینی دەستووردا، ئەوا مەبەستیان جەماعەتی (هیئة العلماء المسلمین)و حزب الله و حزبی ئیسلامی عێراقی و کۆنە بەعسییە زویرەکانن .

بەڵێ بە "منطق"ی کاک سەردار (ئیئتلافی شیعە)پێشکەتوو پێشکەوتنخوازە،چونکە بەشداری هەڵبژاردنی کردووە 125 کورسییان بەدەست هێناوە،یەکێتی و پارتی پێشکەوتوو پێشکەتنخوازن چونکە 75 کورسییان زامن کردووە!! کۆنە بەعسی‌و موخابەرات و موستەشارە ئەنفالچییەکان و عەللاوی‌و چەلەبی‌و پاچەچی و.. پێشکەوتوون و ئازادیخوازن،بەلآم کۆمۆنیستەکان لە سەنگەری تیرۆریستانن و دواکەوتوو و دژە دیموکراتین ،چونکە بەشدارییان لە هەڵبژاردن نەکردووە!!

ئەمە ئەگەر (منطق) سیاسی‌و فەلسەفی شۆڤێنستێك نەبێ دەبێ چ بێ؟؟

بەداخەوە کاك سەردار دەیتوانی لە زۆر لایەنی‌ترەوە رەخنە لە کەموکوڕییەکانی کۆمۆنیستەکان بگرێ (کە کۆمۆنیستەکان خۆیشیان نایشارنەوە)ئەگەر بەراستی ئەو مەبەستی پەرەپێدان و گشەپێدانی دیموکراتی بوایە کۆمۆنیستەکانیش بەدڵفراوانی‌یەوە لێیان قبوڵ دەکردو سوپاسیشیان دەکرد،نەك تاوانباریان بکات بە تیرۆریست.

Hawarmahmood@yahoo.com

تێبینی ئەم وتارە لە ژمارە "124"ی هەفتەنامەی "هەواڵ"بلآوکراوەتەوە